**شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چەندین یاریزانی بەتوانای لەخۆی گرتووە کە دەتوانن سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت، یاریزانەکان زۆربەیان لە ریزی هەڵبژاردەی ئێرانن، یەکێك لەو کچە یایزانانەی کە توانایەکی بەرزی یاریکردنی تۆپی دەست هەیە، کچە یاریزان (شلێر کەریمی)، یان شلێر محەمەدە کە ساڵی ١٩٨٤ لە سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. ئەو یاریزانە لەگەڵ تیپی سەقز لە خولی پلە نایابی ئێرانی ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوەو جگە لەوەش یاریزانی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی ئێران بووە، پێشووتریش لە باشوری کوردستان بۆ یانەکانی هەولێرو قەڵای تورکمانی و ئافرەتانی هەولێر و ئافرۆدێت یاری کردووە، ئێستاش جگە لە تۆپی دەست، کاری ناوبژیوانیش دەکات، ئێمەش لە نزیکەوەی چەند پرسیارێکمان لێکردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو تێکەڵی وەرزش بوویت؟**

-لە قوتابخانەکانەوە لە رێگای مامۆستایەکم تێکەڵی ژیانی وەرزشی بووم، هەر لەوێشەوە چوومە یانەکان بۆ یاری تۆپی دەستی.

*** ئاستی یاری تۆپی دەست لە کوردستانی رۆژهەڵات چۆن دەبینی؟**

-ئەم یارییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە، ئێمە تیپی تۆپی دەستی سنەمان هەیە، پلە نایابی وڵاتی ئێرانە لە خولی ئێرانیش هەموو ساڵێك لە نێوان پلەکانی دووەم و سێیەمین و چەند یاریزانێکمان لە ریزی هەڵبژاردەی ئێرانین.

*** بڕیاری ئەوەت نەداوە یاری بۆ یانەیەکی باشووری کوردستان بکەی؟**

-بۆ هەردوو یانەکانی هەولێرو ئافرۆدێت یاریم کردووە، لەگەڵ هەولێر پلەی یەکەمی عێراقمان بەدەست هێناوە، لەگەڵ ئافرۆدێتیش پلەی یەکەمی کوردستان و سێیەمی عێراق بووین، بۆیە بەردەوام لەگەڵ تیپەکانی کوردستان بووم، لەگەڵ ئافرەتانی هەولێر بەشداری پاڵەوانیەتی ئەبو زەبیم کردووە لە ئیمارات.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

-لە ئێستادا لە وڵاتی ئێران لە شاری سنە خەریکی کاری ناوبژیوانی تۆپی دەستم، خاوەنی بڕوانامەی ناشناڵم لە



## یاریزانی تۆپی دەست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# هیوادارم ئەم قەیرانە داراییە چارەسەر بێت بۆ ئەوەی وەرزشی کوردستان ببووژێتەوە

شلێر محەممەد

تۆپی دەست کە بەرزترین پلەیە لە وڵاتی ئێران، ئێستاش دەمەوێ وەکو مامۆستایەك وانەی تۆپی دەست بڵێمەوە.

*** ئەگەر یانەیەکی کوردستانی باشوور داوات بکات، یاری بۆ دەکەی؟**

- بەڵێ، من هەر کاتێك پاڵەوانیەتی هەبووبێت، یاری بۆ تیپی یانەی ئافرۆدێت دەکەم لە شاری سلێمانی.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی جیهانی؟**

- دوای ئەوەی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێران بەشداری پاڵەوانیەتی وڵاتانی ئاسیام کرد، یانەی جەزیرەی ئیماراتی داوایان کردم بۆ یاریکردن، بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆم نەمتوانی بەشداری بکەم، بۆیە گرێبەستم لەگەڵ یانەی ئافرۆدێت کرد.

*** ئاستی یاری تۆپی دەست لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی باشوری کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی هەردوولا باشە، بەڵام ئەم قەیرانی داراییە زیانی زۆری بە وەرزشی کوردستان گەیاندووە، بۆیە ئاستی وەرزشی زۆر دابەزیوە، ئێستا تەنیا چەند تیپێك مەشق دەکەن.

*** بەشداری یاری شاخەوانیت کردووە، ئایا بەردەوامی؟**

- کاتێك گرێبەستم هەبوو لەگەڵ تیپی ئافرۆدێت لە سلێمانی ئیتر لە ماڵەوە دوور بووم و وەکو ڕۆحیش نائاسودە بووم، بۆیە بەشداری ئەم یارییەشم کردو توانیم سەرکەوتووش بم، ئەوەش بۆ من کارێکی باش بوو لە دووری خێزانەکەم تێکەڵی ئەم یارییە بووم بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ڕۆحییەم نەمێنێ، لە شاری سلێمانی نزیکەی ١٠ گرووپی شاخەوانی هەیە لە شارەکانی کوردستانیش ئەم گروپانە لە زیادبوونە و دەچنە شاخەکانی کوردستان.

***جگە لە تۆپی دەست چەند یاریت کردووە؟**

- من جگە لە تۆپی دەست و شاخەوانی یاری تایکواندۆ و مەلەشم کردووە، بڕوانامەی ڕاهێنەریشم هەیە، ئێستاش بەردەوامم لە وەرزشکردن بەبێ جیاوازی.

***هیوا و ئاواتت چییە ؟**

- بەهیوای ئەوەم ئەم قەیرانە داراییە چارەسەر بێت بۆ ئەوەی وەرزشی کوردستان ببووژێتەوە هەموو لایەك سەرکەوتوو بن.

*** جگە لە تۆپی دەست یاری شاخەوانیش دەکەی لەکامەی زۆر سەرکەوتوویی؟**

- لە هەردوو یاری توانیومە سەرکەوتوو بم و هەردوو یاریش گرنگە و خۆشەویستە لای من و دەمەوێ باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم.

*** داوا وتەت ئەگەر شتێکت ماوە؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان و هیوام سەرکەوتنی ئێوەیە، دواکارم گرنگی بە هەموو وەرزشەکان لە گشت شارەکانی کوردستان بدەن.

# میسی و ڕۆناڵدۆ و نیمار و سوارێز لە مۆندیال ئامادەن

**یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ لە کیشوەرەکانی (ئاسیا، ئەمریکای باشوور، کۆنکاکاف) تەواو بوو و هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان ئاشکرا بوو و لە کیشوەری ئەورووپا لە کۆی ١٣ هەڵبژاردە تەنیا ٩ هەڵبژاردە بەفەرمی سەرکەوتن و (٨) هەڵبژاردەی تر رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی چوار بلیتی تر دەکەن و لە کیشوەری ئەفریقیا دوو هەڵبژاردە سەرکەوتن و سێ بلیتی تر ماوە لە مانگی داهاتوو ناسنامەی سێ هەڵبژاردەکەی تر ئاشکرا دەبێت و لە کیشوەری ئۆقیانۆسیا ماوەیەکی زۆرە رکابەرییەکان تەواو بوو و چاوەروانی پاشکۆی مۆندیالە تاوەکو رووبەڕووی هەڵبژاردەی خاوەنی پلەی پێنجەمی کیشوەری ئەمریکای باشوور ببێتەوە.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**



**- کیشوەری ئاسیا**

لە کیشوەری ئاسیا هەر چوار هەڵبژاردەی (ژاپۆن، کۆریای باشوور، ئێران، سعودیە) بەفەرمی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ دوای ئەوەی توانیان لە دواین یارییەکانی پاڵاوتن پلەکانی یەکەم و دووەم لە هەردوو کۆمەڵە مسۆگەر بکەن.

لە بەرانبەردا هەڵبژاردەی ئوستراليا توانی یاری پاشکۆ لە هەڵبژاردەی سوریا بباتەوە بۆ ئەوەی دواین یاری پاشکۆ بۆ سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی بەرانبەر نوێنەری کۆنکاکاف ئەنجام بدات.

**-کیشوەری ئەفریقیا**

لە کیشوەری ئەفریقیا هەردوو هەڵبژاردەی نێجیریا و میسر بەفەرمی دوو بلیتی سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ مسۆگەر کرد دوای ئەوەی توانیان پێش تەواوبوونی یارییەکانی پاڵاوتن بە جەولەیەك پلەی یەکەمی کۆمەڵەکەیان مسۆگەر بکەن.

لە بەرانبەردا شەش هەڵبژاردە لە سێ کۆمەڵە رکابەری لەسەر دواین سێ بلیتی سەرکەوتوو دەکەن بەمشێوەیە:

کۆمەڵەی یەکەم: لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی تونس و کۆنگۆی دیموکراتی رکابەری لەسەر بلیتی سەرکەوتن دەکەن، هەڵبژاردەی تونس لە دواین یاری خۆی بەرانبەر هەڵبژاردەی لیبیا پێویستی بە یەك خاڵ هەیە، بەڵام هەڵبژاردەی کۆنگۆی دیموکراتی پێویستی بەبردنەوە هەیە بەرانبەر هەڵبژاردەی گینیا و دەبێت تونس تووشی دۆران بێت.



کۆمەڵەی دووەم: لە کۆمەڵەی دووەم هەڵبژاردەی نێجیریا پلەی یەکەم و بلیتی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کرد.

کۆمەڵەی سێیەم: لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج و مەغریب هەیە.

هەڵبژاردەی مەغریب بە جیاوازی یەك خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ساحیل العاج لە پێشەنگی کۆمەڵەکەی دێت، وا بریارە لە دواین یاری هەردوو هەڵبژاردە رووبەرووی یەکتر ببنەوە، کە تیاییدا هەڵبژاردەی مەغریب پێویستی بە بردنەوە یان یەکسانبوون هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوێت بۆ جامی جیهانی لەبەرانبەردا هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج تەنیا پێویستی بە بردنەوە هەیە بۆ ئەوەی پلەی یەکەم مسۆگەر بکات.

کۆمەڵەی چوارەم: لەم کۆمەڵەیە هەر چوار هەڵبژاردەی سینگال و ئەفریقیای باشوور و بۆرکینا فاسۆ و راس ئەخزەر هیوای سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی هەیە

ریزبەندی ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە:

١- سینیگال ٨ خاڵ لە ٤ یاری

٢- بۆرکینافاسۆ ٦ خاڵ لە ٥ یاری

٣- راس ئەخزەر ٦ خاڵ لە ٥ یاری

٤- ئەفریقیای باشوور ٤ خاڵ لە ٤ یاری

چاوەروان دەکرێت لە یارییەکانی دوا جەولە پاڵەوانی کۆمەڵەکە دیاربکەوێت.

کۆمەڵەی پێنجەم: پێش تەواوبوونی یارییەکانی پاڵاوتن بە یەك جەولە هەڵبژاردەی میسر سەرکەوتنی بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کرد دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و توانی ١٢ خاڵ لە پێنج یاری کۆبکاتەوە و بۆ جاری دووەم سەرکەوێت بۆ جامی جیهانی.

جیگەی باسە یارییەکانی دوا جەولەی یارییەکانی پاڵاوتنی کیشوەری ئەفریقیا بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ لە مانگی



# ٢٣ هەڵبژاردە گەیشتنە مۆندیالی ٢٠١٨ لە رووسیا

داهاتوو ئەنجام دەدرێت.

**کیشوەری ئەورووپا**

لە کیشوەری ئەورووپا بەفەرمی (٩) هەڵبژاردە تا ئێستا سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرکەوتن ئەویش هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (فەرەنسا، پورتوگاڵ، ئەڵمانیا، سربیا، پۆڵەندە، ئینگلتەرە، ئیسپانیا، بەلژیکا، ئیسلندا) بوو.

لە بەرانبەردا هەشت هەڵبژاردە سەرکەوتن بۆ یارییەکانی پاشکۆ تاوەکو چوار هەڵبژاردە سەرکەوێت بۆ جامی جیهانی تاوەکو نوێنەری کیشوەری ئەورووپا ببێتە ١٣ هەڵبژاردە، کە لە رێگەی پاڵاوتن سەرکەوتینە.

هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (کرواتیا، ئیتاڵیا، یۆنان، دانیمارک، کۆماری ئێرلەندە، ئێرلەندەی باکوور، سویسرا، سوید) سەرکەوتن بۆ یارییەکانی پاشکۆ، کە یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا لەسەر ریزبەندی جیهانی تیروپشک ئەنجام دەدات دواتر کاتی بەرێوەچوونی یارییەکان دەستنیشان دەکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە هەڵبژاردەی هۆڵەندە لە یارییەکانی جامی جیهانی بێبەش دەبێت.

**کیشوەری ئەمریکای باشوور**

یەکێك لە خۆشترین رکابەرییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی لە مێژووی کیشوەری ئەمریکای باشوور ئەنجامدرا تا دوا ساتەکانی دواین جەولەی رکابەرییەکان تەنیا بەرازیل سەرکەوتنی بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ مسۆگەر کردبوو و ئەرژەنتین هەرەشەی دوورکەوتنەوەی لەمۆندیالی لێدەکرا، بەڵام میسی لە کاتە هەستیارەکان توانی دڵی هاندەرانی خۆش بکات و لە دواین یاریدا توانی هاتریك تۆماربکات و ئەرژەنتین بگەیەنێتە جامی جیهانی.

هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (بەرازیل، ئۆروگوای، ئەرژەنتین، کۆلۆمبیا) بەفەرمی سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ لە بەرانبەردرا هەڵبژاردەی پیرۆ سەرکەوت بۆ یاری پاشکۆ و لە بەرانبەر هەڵبژاردەی نیوزلەندە یاری دەکات، بەڵام هەڵبژاردەی چیلی ماڵئاوایی لە جامی جیهانی کرد.

ریزبەندی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ بۆ کیشوەری ئەمریکای باشوور بەمشێوەیە بوو:

١- بەرازیل ٤١ خاڵ
٢- ئۆروگوای ٣١ خاڵ
٣- ئەرژەنتین ٢٨ خاڵ
٤- کۆلۆمبیا ٢٧ خاڵ
٥- پیرۆ ٢٦ خاڵ
٦- شیلی ٢٦ خاڵ
٧- پاروگوای ٢٤ خاڵ
٨- ئیکوادۆر ٢٠ خاڵ
٩- بۆلیڤیا ١٤ خاڵ
١٠-ڤینزویلا ١٢ خاڵ

**کیشوەری کۆنکاکاف**

لەم کیشوەرە هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (مەکسیك، کۆستاریکا، پەنەما) سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ لە وڵاتی رووسیا دوای ئەوەی توانیان پلەکانی یەکەم تا سێیەم لە دواین جەولەی رکابەرییەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لە بەرانبەردا هەڵبژاردەی هیندۆراس دواین یاری خۆی لە پاشکۆی پاڵاوتن بەرانبەر هەڵبژاردەی ئوستراڵیا ئەنجام دەدات، لە بەرانبەردا هەڵبژاردەی ئەمەریکا ماڵئاوایی لە جامی جیهانی ٢٠١٨ کرد.

ریزبەندی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨ لە کیشوەری کۆنکاکاف

١- هەڵبژاردەی مەکسیك ٢١ خاڵ
٢- هەڵبژاردەی کۆستاریکا ١٦ خاڵ
٣- هەڵبژاردەی پەنەما ١٣ خاڵ
٤- هەڵبژاردەی هیندۆراس ١٣ خاڵ
٥- هەڵبژاردەی ئەمەریکا ١٢ خاڵ
٦- هەڵبژاردەی ترینداد و تۆباگۆ ٦ خاڵ

یارییەکانی پاشکۆی مۆندیالی ٢٠١٨ بەمشێوەیە:

ئوستراڵیا - هیندۆراس
نیوزلەندە - پیرۆ

**بەشێوەیەکی فەرمی ئەم هەڵبژاردانە سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی ٢٠١٨**

١- هەڵبژاردەی رووسیا (میوانداری پاڵەوانێتیەکە دەکات)
٢- هەڵبژاردەی سعودیە
٣- هەڵبژاردەی ژاپۆن
٤- هەڵبژاردەی کۆریای باشوور
٥- هەڵبژاردەی ئێران
٦- هەڵبژاردەی نێجیریا
٧- هەڵبژاردەی میسر
٨- هەڵبژاردەی فەرەنسا
٩- هەڵبژاردەی پورتوگال
١٠- هەڵبژاردەی ئەڵمانیا
١١- هەڵبژاردەی سربیا
١٢- هەڵبژاردەی پۆلەندە
١٣- هەڵبژاردەی ئینگلتەرە
١٤- هەڵبژاردەی ئیسپانیا
١٥- هەڵبژاردەی بەلژیکا
١٦- هەڵبژاردەی ئیسلندا
١٧- هەڵبژاردەی مەکسیك
١٨- هەڵبژاردەی کۆستاریکا
١٩- هەڵبژاردەی پەنەما
٢٠- هەڵبژاردەی بەرازیل
٢١-هەڵبژاردەی ئۆروگوای
٢٢-هەڵبژاردەی ئەرژەنتین



# باڵەی هەولێر دەیەوێت ببێتە یەکەمی عێراق



بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی بۆ بەشداریکردن لە خولی نایابی باڵەی یانەکانی کوردستان و نایابی یانەکانی عێراقی کە بڕیارە ٢٠ی ئەم مانگە یارییەکانی عێراق بە شێوازی خول و بە دوو کۆمەڵە بەڕێوەبچێت، یانەی هەولێریش لە کۆمەڵەی یەکەمی خولەکە لە بەرامبەر هەریەك لە یانەکانی (پێشمەرگەی سلێمانی، بەحری، شێروانە، ئارارات، بەلەد، حەبانیە) یاری دەکات، سەرجەم یارییەکانیش لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچن و کۆمەڵەی دووەمیش هەریەك لە یانەکانی (شورتە، گازی باشوور، سەناعە، کوفە، جەبابیش، نەفتی میسان، قوەجەوییە) کێبڕکێ دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە کارگێڕی یانەی وەرزشی هەولێر ژمارەیەك یاریزانی بەتوانای هێناوەتە ریزی یانەکەی و گرێبەستی لەگەڵ مۆرکردن بۆ ئەوەی بتوانێ بەم یاریزانە ئەستێرانە کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە بکات و خۆی بگەیەنێتە چوارگۆشەی زێڕین لە خولی عێراقی و هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوەکە بدات، ئەم یاریزانانەش لە هەردوو خولی عێراق و کوردستان یاری بۆ یانەی هەولێر دەکەن، کارگێڕی هەولێر و یاریزانەکانیش لەسەر ئەوە رێککەوتوون، یاریزانەکانیش بریتین لە (وەلیدعارەب، شێرزاد نەوزاد، مستەفا کاکە جوان، باوەڕ عادل، دلۆڤان دڵشاد، ئەحمەد تەیب، محەممەدعەلی، ئەحمەد یونس، محەمەد هەڵمەت، دیلان لیۆن، محەممەد سەلیم، بەدرەدین محەممەد) گرێبەستکردن لەگەڵ ئەم کۆمەلە یاریزانە بەتوانایە هێزێکی زیاتر دەداتە یانەی هەولێر کە بتوانێ لەسەر نازناوەکان کێبڕکێ لەگەڵ یانە گەورەکانی عێراق بکات. جێگای ئاماژە پێکردنەیانەی هەولێر لە ماوەی رابردوو گرێبەستی لەگەڵ راهێنەری بەتوانا خالید ساڵح مۆرکرد بۆ ئەوەی لە خولەکانی کوردستان و عێراق سەرپەرشتیی مەشقی باڵەی یانەی هەولێر بکات.

# کچە کوردێک یاری بۆ یانەیەکی ئەڵمانی دەکات



دوای رۆیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوەی کوردستان، ژمارەیەك لەو هاووڵاتیانە یاریزانی بەتوانا بوون لە یانەکانی کوردستان، یەکێك لەو یاریزانانەش کچە یاریزان خەندە سەدرەدین یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێرە بووەو ئێستاش نیشتەجێبووی وڵاتی ئەڵمانیایەو لەگەڵ یانەیەکی پلە دووی وڵاتی ئەڵمانیا بە ناوی هایرزلەکە بۆ تۆپی پێی ئافرەتان یاری دەکات. لە بارەی چوونی بۆ ئەم یانەیەش خەندە سەدرەدین لە ئەڵمانیاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «کە چوومە وڵاتی ئەڵمانیا یەکەم کاری من ئەوە بوو پەیوەندی بە یەکێك لە یانەکانی ئەو وڵاتە بکەم و کۆڵیشم نەدا، ئێستا بۆ ماوەی زیاتر لە ١٨ مانگە گرێبەستیکم بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ یانەی (Herzlake) کە یانەیەکی پلە دووی وڵاتی ئەڵمانیایە مۆر کردووە و لەگەڵ ئەوان خەریکی یاریکردنم. هیوای هەموو یاریزانێکە لە یانەیەکی گەورە یاری بکات و هیوای من ئەوەیە لە رێگای ئەم یانەیە و بچمە ریزی یانەی دۆرتمۆند و یاری بۆ ئەو یانە گەورەیە بکەم. لەلایەن چەندین یانەی ئەڵمانیاشەە باس لە ئاستی بەرزی من کراوە، بۆیە دەمەوێت لە رێگای خولی ئەڵمانیاوە بچمە یانەیەکی گەورە.» سەبارەت بە یاریکردنیشی لە کوردستان گوتی: «بەنیازی ئەوە نیم بە یەکجاری بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، بەڵام بۆ سەردان دێمەوە. وەرزش لە ئەڵمانیا لە هەموو وڵاتێك پێشکەوتووترە، لەگەڵ کوردستانیش بێگومان جیاوازە لە رووی مەشق و هاندان لەلایەن راهێنەرەکان دەستخۆشی زۆر لە یاریزانان دەکرێ، لە ئەڵمانیاش لەلایەن دەستەی راهێنەران زۆر گرنگی بە ئاستم دەدرێت و زۆر سەرسامن بە یاریکردنی من، ئەوەشیان پێ گوتووم کە دوارۆژێکی باشم دەبێت لە وڵاتی ئەڵمانیا، منیش لە ئێستادا دەمەوێت لە ئەڵمانیا درێژە بە یاریکردن بدەم لە یانەی هایرزلەکە کە شوێنی نیشتەجێبوونمە.» گوتیشی: «زۆر سەرسامم بە یاریکردنی یاریزان کریستیانۆ رۆنالدۆ، حەز دەکەم بگەم بە ئاستی ئەم یاریزانە گەورانە.»



# یاسین کەریم گرێبەستی لەگەڵ مینا درێژ کردەوە




دوای ئەوەی وەرزی رابردوو یاسین کەریم، گۆڵپارێزی کوردی یانەی مینای شاری بەسرا لە باشووری عێراق توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات لەگەڵ یانەی مینا لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و بووە جێگای چاوتێبڕانی چەندین یانەی تری شارەکانی عێراقی بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ واژوو بکەن، بەڵام ئیدارەی یانەی مینا ئارەزووی مانەوەی یاسین کەریمیان دەکرد بۆ ماوەیەکی درێژتر لەگەڵ تیپەکەی شاری بەسرا، بۆیە گرێبەستەکەیان درێژ کردەوە، لەم بارشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵیش بۆ یەك وەرزی تر گرێبەستم لەگەڵ یانەی مینا نوێ کردەوە بۆ ئەوەی لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی پارێزگاری لە گۆڵی ئەو تیپە بکەم و ئێستاش لەگەڵ یانەکە خەریکی مەشق و راهێنانم بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکی باش بکەین و بتوانین درێژە بە ئاستی خۆمان بدەین لە خولەکە.» لە بارەی هاتنی گرێبەست لە یانەکانی تریش گوتی: «ئەمساڵ چەندین گرێبەستم پێشکەش کراوە لە زۆربەی یانەکانی تری بەشدار لە خولی عێراقی، بەڵام دوای ئەوەی یانەی مینا داوای نوێکردنەوەی گرێبەستی لێ کردم، منیش مانەوەم پێ باشتر بوو لە یانەی مینا، بۆیە سەرجەم گرێبەستەکانم رەت کردەوە و بڕیاری مانەوەم دا لە شاری بەسرا، لەم یانەیەش زۆر ئاسوودەم و دەمەوێ ئەنجامی شایستە لەگەڵ مینا بەدەست بهێنم و ئەوەش بۆ ئێمە دەستکەوتێکی گەورەیە وەکو گۆڵپارێز، لە شاری بەسراش هاندەرانی ئەو شارە زۆر رێزمان دەگرن.»